ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**جگەرە ( فۆتۆشۆپ ) ...**

نووسەر: Hawkar Shwan
@: HawkarShwan@Gmail.Com

هەرچەندە جگەرە کێشان یەک لە دوژمنەکانی مرۆڤە ، منیش گەلێک رقم لێی دەبێتەوە ، بەڵام پرۆگرامی باڵا بەرزی وەک فۆتۆشۆپ ئەمانە نازانێت و وێنەی لەبەر چاوت جوان دەکات (بەڵام نەک کێشانی) ...

1. پەڕەیەکی نوێ بکەرەوە بە هەر پانی و درێژییەک بێت، پاشان بە ئامرازی دیاری کردنی لاکێشەیی ، لکێشەیەکی وەک ئەمەی خوارەوە بکێشە:



2. پاشان ئامرازی (reflected Gradient Tool هەڵبژێرە و پاشان لە خشتەی ئامرازەکاندا ڕەنگی پێشبنەماکە بگۆڕە بە سپی و پاشبنەماکە بگۆڕە بەم کۆدە (C4C4C4)، لە دوایشدا هێڵێک لە ناوەڕاستی لاکێشەکەی کێشاومانە بەرەوە سەرەوە ڕاکێشە تا ڕەنگی ناو لاکێشەکە بەم شێوەیە دەبێت:






3. چینێکی نوێ دروست بکەو هەمان ئامرازی دیاری کردنی لاکێشەیی هەڵبژێرە و پەنجە لەسەر دوگمەی ALT دابنێ و لاکێشەیەک بکێشە بەدەوری لاکێشەکەی پێشوو کێشامان بەم شێوەیە :



4. پاشان وێنەکە بەم شێوەیەی لێ دێت :



5. reflected ) Gradient Tool هەڵبژێرە و ، ڕەنگی پێش بنەماکە بگۆڕە بۆ E7A615 وە پاشبنەماکە بگۆڕە بۆ 69562C ، پاشان هێڵێک لە ناوەڕاستی ئەوەی دیاری کراوە بەرەو سەرەوە ڕاکێشە و لە لیستەی Filter >> Noise >> Add Noise هەڵبژێرە و چاو لە وێنەکە بکە بۆ نرخەکان :




6. وێنەکە دوای کاریگەرییەکە :



7. چینێکی نوێ درووست بکەو ئامرازی قەڵەمەکە هەڵبژێرە Pencil Tool و پەنجە بنێ بە دووگمەی X بۆ ئەوەی ڕەنگەکان پێچەوانە ببنەوە و پاشانیش قەبارەی وێنەکە گەورە بکە و وێنەی توتنەکە بکێشە بەم شێوەیە :



8. لە لیستەی Filter >> Noise >> Add Noise هەڵبژێرە و بۆ Amount = 50% دابنێ ، پاشان قەبارەی وێنەکە بگێڕەوە باری ئاسایی خۆیی :



9. پاشان دەتوانی ئەو وێنەیە بەکار ببەی لە ڕێکلام دژی جگەرەکێشان و ئەوەی کە ئارەزووت لێ بێت :




کـــــــــــۆتـــــــایـــــــــــى

Oct 2005 31

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت